

# تێڕوانینێکی کۆمەڵناسانە لەسەر پلەو پێگەی ژن لەکوردەواریدا


دکتۆر ئەحمەد محەمەدپوور*


پێویستە هەموو ئێمە(بە تایبەت پیاوی کورد) ئەو پرسیارە ئاڕاستەی خۆمان بکەین کە بۆچی کاتێک ئەدەب و شیعر و گۆرانی و مۆسیقایی کوردی پڕە لە بانگەشەی خۆشەویستن و ئەویننداری و جوانی ژن، هێشتا ژن لە کۆمەڵگای کوردی وەک کۆیلە حیسابی بۆ دەکرێ و جیددی ناگیرێت. بۆچی کاتێک دین و ئایین و نەریتەکانمان داوەستاوون لە بەرزی پلە و پێگەی ژن، دەبێ هەموو ڕۆژێ چاوەڕوانی توندوتیژی دڵتەزێن بەرانبەر بە ژن بین. بە ڕاستی ڕەگ و ڕیشەی ئەو کێشەیە لە کوێ دایە؟ بنەما هزری و فکری و مێژووییەکانی لە کوێوە تێراو دەبن؟ بۆچی لەوە ناچێت ئەو گشتە چالاکی ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەییە کاریگەریەکی ئەوتۆیان هەبووبێت؟ دەبێ چۆن لەسەر ئەو دوالیزمە بدوێین: دوالیزمی خۆشەویستن و ڕق، دژایەتی باوەڕ و چێژ، دوالیزمی پیرۆزیدان و پێکدادان، بێزاری و ئەویننداری؛ درۆ و ڕاستی؟

سیمۆن دۆبوار زۆر بە کورتی و بە وردی ئاماژەی داوە بە کێشەی ژن، نە وەکو کێشەیەکی ماهییەتی و بونیادی، بەڵکو وەکو بابەتێکی سازدراو و سازکراو. بە ڕای دۆبوار، ژنان لە دایک نابن، بەڵکو دروست دەکرێن! مەبەستی دۆبوار ئاماژە بەو نەریتە فێمینیستیەیە کە زیاتر لە پێنج سەدەیە لە خۆرئاوا گیرۆدەی دەستەربەرکردنی دادپەروەری و یەکسانی نێوان ژن و پیاوە. لەسەردەمی ڕۆشنگەرییەوە، ژنە فەیلەسووف و کۆمەڵناس و بیرمەندەکان هەوڵیان داوە بە شێوەیەکی زانستی و تەکنیکی و سیستەماتیک بۆ گەیشتن بە ماف و دەرفەتی یەکسانی هاوشێوەی پیاوان هەنگاو بنێن. ئەم هەنگاوە نە تەنیا سیمبۆلیک، بەڵکو کردەکی و تەکنیکیش بووە. بۆ نموونە، ژنان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دیارە سەرەڕای هەموو کەم و کوڕی و لەمپەرەکان توانیویانە لەسەر سیاسەتدانانی کۆمەڵایەتی و کولتوری و سیاسی دەوریان هەبێت، بەڵام لەوە دەچێت ژنانی جیهانی سێیەم و بەتایبەت ژنی کورد جارێ هەر نەگەیبێتە ئەو ئاستەش کە پیاوەکەی بۆ چوونە بازاڕێک ڕازی بکات یان لە کاتی ماڵ و میوان دا هاوسفرەی پیاوەکان بێت؛ بە جۆرێک کە دەڵێی ژن لەو کۆمەڵگایەدا مردووە، نەماوە، ئامادە نییەو نابینرێت، لە حاڵێکدا لە ڕووی جەستەوە حازرە، بەڵام وەها لە پیاوسالاریدا نوقم بۆتەوە کە هەموویان شێوەی پیاو دەدەن. واتە ژن ڕۆحی نییە.

یەکەم پرسیاری چالاکە فێمینیستییەکان ئەوە بووە کە ژن بۆ بە درێژایی مێژوو ژێرچەپۆک و چەوساوە بووە؟ وەڵامەکە ئەوە بوو کە دەسەڵاتداری و بێدەسەڵاتی هەم لایەنێکی پێدراو و جەبری هەیە و هەم لایەنێکی بەدەستهێنراویشی تێدایە. مەبەست لە لایەنی پێدراو ئەو بارودۆخانەن کە ئێمە بە ناچاری و بەبێ سەرپشکبوون تێیکەوتووین و دەرەتانمان لێ نین. بۆ نموونە، زمان، ئایین، ڕەگەز و وڵات و زۆر شتی دیکە. ئێمە کە لە دایک بووین، بمانەوێ یان نەمانەوێ، وڵاتێکمان هەیە، شوناسێکمان هەیەو ڕەگەزێکمان پێدراوە. لە پاشان پەیتا


بۆ گوڵان نووسیویەتی

پەیتا خوو بــە بارودۆخی خۆمان دەگریــن و لایەنگیری لێدەکەیــن. دیارە هەموو دۆخەکان لە کۆمەڵگادا بەرانبەر نین و هەندێ ســەرەو هەندێ بنەن. بۆیە کەســێک کە وەک جیهانی ســێیەمی لە دایک دەبێت تووشی هەندێ هەلومەرجی جیاواز لە کەســێکی جیهانی پێشــکەوتوو دەبێتەوە. لە ناو کۆمەڵگاشدا دیسان کەسێک کە لە چینی فەقیــر و لێقەوماو لە دایک دەبێــت بەناچار جۆرە پلە و پێگەیەکی هەیە کە لەگەڵ پلەو پێگەی چینی دەوڵەمەند جیــاوازە. ڕەگەزیش هەر بەو شــێوەیە. ژنبوون و پیاوبوون بنەمایەکی سروشــتی هەیە و کۆمەڵێ کێشە و بارودۆخ دادەسەپێنێ کە نەگۆڕن. بۆ نموونە، جیاوازی لە جەستەی ژن و پیاو، لایەنە هەســتەکی و عاتیفی و ڕۆحیەکان یان توانا و کەم و کوڕیەکان. ئەوانە دەرەتانیان نییە، گەرچی زانســتی پزیشکی بەشێک لە کێشــە جەستەییەکانی تا ڕادەیەک جێبەجێ کردووە بەڵام هێشــتا چارەســەرێکی تەواویــان نییە. لــە بەرانبەردا، هەر وەک باســمان کرد، لایەنێکی بەدەستهێنراو و خۆ-ســازکراومان هەیە؛ وەکو بەدەست هێنانی پلە و پێگەی ئابوری، زانستی و سیاسی، بەرزکردنەوەی ئاســتی ژیان و کولتوری تاکەکەســی و کۆمەڵایەتی، گۆڕینی چینی کۆمەڵایەتی و دەیان شتی دیکە کە بە دەســت خۆمانن. مەبەستی دۆبوار ئەوەیە کە کۆمەڵگای پیاوە کە ژن دروست دەکات، نەک لە ڕووی ڕەگەز و جەســتە، بەڵکو لە روی کردە و ئاکار و ڕەفتار. بە درێژایی مێژوو، ژن وەکو بوونەوەرێکی بێهێز، عاتیفی و هەســتەکی ناساندراوە کە تەنیا دەتوانێت زاو و زێ بکات، ئیشــی ماڵ ئەنجام بدات و چێژ و حەزەکانی پیاو بەڕێوە بەرێت؛ واتە، ڕۆڵی کەرەستەیی و ئامێری و هەستەکی ژن لە بەرانبەر ڕۆڵی عەقڵانی و کارگێڕانەی پیاودا. بە ڕای دۆبوار، گەرچی ئێمە ناتوانین ڕەگەز بگۆڕین یان دەستی تێوەردەیین، بەڵام دەتوانین بە ئاســانی ڕەفتار و کردەوەی ژنانە بگۆڕین و ئامادەیان بکەیین بۆ هاتنە ناو کۆمەڵگا. کەواتــە کاتێک دۆبوار دەڵێت ژنان لە دایک نابن، بەڵکو ســازکراو و بەرهەمی پیاون مەبەســتی ئەوەیە کە ژن لە کۆمەڵــگادا بە ژن دەردێت و بە ژن دەکرێت. ئەو وتەیە بە شێوەیەکی خوازەیی دەڵێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژن دەبێ لە پیاوەکانەوە دەســت پێبکەین. دیارە دۆبوار ڕۆڵی ژنانیش لە بەکۆیلەبوونی خۆیان لەبەر چاو دەگرێت و دەڵێت تا ژن لە چوارچێوەی جەســتە و ســێکس و لەش دا خۆی بنوێنێت چارەنووســی ئەوەیە کە لە بازاری پیاواندا دەست بە دەست بکرێت.

ژن لە کۆمەڵگای کوردیشــدا هەر بەو شــێوەیە بەرهەمی پێکهاتەی مێژوویی پیاوســالارانەیە. ئــەو پێکهاتەیە لە ســەرەتای لەدایکبوونی کچ کۆمەڵێ ئەرک و ڕۆڵی بۆ پێناســە دەکات؛ بەردەوام بیری دەخاتەوە کە ئافرەتە! کچ و کــوڕ جیاوازن، کچ دەبێ لە ماڵــەوە بێت و پیاو دەبێ لە دەرەوە؛ کچ دەبێ بشــۆرێت و کوڕ دەبێ بســووڕێتەوە و دەیان نۆڕم و بایەخــی نەریتی دەخاتە بەردەم ژن. بۆیە، لە پرۆســەی بە کۆمەڵایەتیبوونــدا، ژن و پیاو تەنانەت دەبنــە دوو بوونــەوەری جیاواز. ئەو جیاوازییە لە گشــت پانتایەکانــی ژیان لە منالییەوە تــا دامەزراندنی بنەماڵە خۆی دەنوێنێت. ژن دەکرێتە بوونەوەرێکی سڕ، کارتێکراو و عاتیفی و هەستەکی، پیاویش دەکرێتە بوونەوەرێکی بوێر و چالاک و عەقڵانی. ئەو جۆرە پەروەردەیە دیارە بێگومان لە کۆمەڵگای کوردســتانی نەریتی بەتەواوی هێژمۆنی هەبووە و داسەپێندراوە و دیارە پاڵپشتی بەهایی و ئایینی و نۆرماتیڤیشی لەدوا بووە. بۆیەش (جگە لە هەندێ ئاوارتە) ژنی کورد دەبێ ســێبەری باوک، براو مێردی لەسەر سەر بێت ئەگینا خۆی پێ بەڕێوە ناچێت.

بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو، کوردەواری هەندێ بوارو ڕەهەندی مۆدێرنی ئەزموون کــردووە، لە هەندێ بواریش دا نەریتــی ماوەتــەوە. بۆیە کۆمەڵــگای ئێمە لە ڕووی مۆدێرنیتەوە ناهاوســەنگ و ناڕێکە. پێکەوەژیانی تۆخمە لێکدژەکانــی نەریتە و مۆدێرنیتــە بۆتە هۆی ئەوەی کە کوردستان ببێتە کۆمەڵگایەکی زرەمۆدێرن یان نیوەمۆدێرن/نیوەنەریتی. دەرئەنجامی ئەو کێشــە هزری و تەکنیکییە بەدیهاتنی جۆرە قەیرانێکە لە هەموو بوارەکاندا، لە قەیرانی شووناسی تاکەکەسی تا قەیرانی بەها کۆمەڵایەتییەکان. لەم بارودۆخەدا، دیارە هەندێ کەس هەوڵیان داوە بەرانبەری و یەکســانی نێــوان کچ و کوڕ لە بنەماڵــە و ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا مسۆگەر بکەن؛ هەندێ کەسیش گەرچی جەستەیان لە جیهانی سەردەمدا دەژیت بەڵام بیر و بۆچوونیان گیرۆدەی دەیان و ســەدان ساڵ پێشــە و بە ڕەوتی کۆندا دەڕۆن. بۆیە بەردەوام شاهیدحاڵی توندوتیژی دژی ژنانین. کێشــەی ژن هەر وەک باس کرا کێشــەیەکی بنەڕەتی، پێکهاتەیــی و مێژووییــەو بە بزووتنەوەی ســیمبۆلیک و نواندنــی جێبەجێ ناکرێت. خاڵی دەســتپێک دەبێ لە بنەماڵەوە سەرچاوە بگرێت و پێویستی بە ویستی پیاو هەیە؛ هەر یەک لە ئێمە دەتوانین یەکەم پەیژە بین و لە خۆمان ڕا پێدابێین. لەم پرۆسەیەدا، ژنەکانیش دەبێ هەوڵی کردەکی بدەن کە لــە ژیانە جیهانی جەســتەیی پەتی داپچڕێن و دەست بەسەر ئەو سەرچاوانە دابگرن کە دەسەڵات و هێزیان لێدەکەوێتەوە، وەکو زانســت و عەقڵانییەت. ئەوان پێویستە لە زیندانی کۆشــک نمای ئاڵتــوون و زێڕ و زیو خۆیان ڕزگار بکەن و پێ بخەنە ســەر گۆڕەپانی عەقڵانیەت بە مەبەستی شەڕو خەباتێکی ســەقامگیر بۆ ڕزگارکردنی نەوەی داهاتوو، نەک لە دەســت پیاوان، بەڵکو لە دەســت نادادپەروەری ڕەگەزخوازانە.

❋❋❋

***مامۆستای میتۆدناسی- زانکۆی سەلاحەدین**

**کۆمەڵگای ئێمە لە ڕووی مۆدێرنیتەوە ناهاوسەنگ و ناڕێکە. پێکەوەژیانی تۆخمە لێکدژەکانی نەریتە و مۆدێرنیتە بۆتە هۆی ئەوەی کە کوردستان ببێتە کۆمەڵگایەکی زرەمۆدێرن یان نیوەمۆدێرن/نیوەنەریتی**

**ژن دەکرێتە بوونەوەرێکی سڕ، کارتێکراو و عاتیفی و هەستەکی، پیاویش دەکرێتە بوونەوەرێکی بوێر و چالاک و عەقڵانی. ئەو جۆرە پەروەردەیە دیارە بێگومان لە کۆمەڵگای کوردستانی نەریتی بەتەواوی هێژمۆنی هەبووە و داسەپێندراوە و دیارە پاڵپشتی بەهایی و ئایینی و نۆرماتیڤیشی لەدوا بووە**

### پرۆفیسۆر نادیە سادق عەلی بۆ گوڵان:

# بەشداری ئافرەت لە پرۆسەی سیاسیی گرنگەبۆ پرۆسەی دیموکراتی و پەرەپێدان

پرۆفیسۆر نادیە سادق عەلی لەدایکبووی ئەڵمانیا کە باوکی عێراقیە و دایکی ئەڵمانییە و ئێستا ئوستادی وانەبێژە لە زانستی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لەزانکۆی ئێکستەر لە بەریتانیا، خاتوو نادیە لەهەمان زانکۆ سەرۆکی دیراساتی ئافرەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، هەروەها ئەندامی رێکخراوی فێمنیست ریڤیو کۆلیکتڤە و یەکێکە لەدامەزرێنەرانی بزاڤی ژنان لە پێناوی عێراق کە بارەگاکەی لەبەریتانیایە، بۆ قسەکردن لەسەر بایەخدان بە پرسی ئافرەتان و پەروەردەکردنی کچان، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ ئەنجامدا.



*** بەشێك لە بەرنامەی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پەرەپێدانی توانای ئافرەتان، تەرخانكراوە بۆ كچان. بەپێی تێڕوانینی ئێوە، ئایا گرنگیدان بە كچان لە وڵاتانی تازەگەشەكردوودا چییە؟**

- بە دڵنیاییەوە کچان بەشێکن لە ئاییندەی هەر وڵاتێك، ئافرەتان و کچان نیوەی کۆمەڵگە پێکدەهێنن. لەڕووی مێژووییەوە و لە وڵاتە جیاوازەکاندا پەیوەندیەك هەیە لە نێوان گەشەکردنی گشتی وڵاتەکە و ئاماژەکانی وەك یەکسانی رەگەزی. واتە تاوەکو زیاتر ئافرەتان بواری پەروەردەییان بۆ بڕەخسێت و تاوەکو دەستیان بە سەرچاوەی زیاتردا بگات، وەك سەرچاوەی داهات یان دەسەڵاتی بڕیاردان، ئەوا ئاماژەی گەورەتر لە پەیوەندیدا بە بەرەوپێشچوونی گشتییەوە لە وڵاتەکەدا بەدی دەکرێت. کەواتە پەیوەندیەکی نزیك بەدی دەکرێت لە نێوان دابینکردنی مافەکان لەسەر بنەمای جێندەری و گەشەکردندا. مەسەلەکە ئەوەیە کچان مێینەن و مێینەش لە زۆرێك لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا هاووڵاتی پلەدوون. هەروەها ئەوان گەنج و منداڵن و ئێوەش دەزانن لە زۆرێك لە وڵاتاند گەنجان و منداڵان مافگەلێکی زۆر سنوورداریان هەیە و ئەمەش حاڵەتێکە کە دوو جار جیاکاریان دژ دەکرێت (double discrimination). کەواتە لە زۆر سیاقدا بارودۆخێك هەیە کە هەژاری بڵاوە، کاتێك خێزانێك بڕیاری ئەوە دەدات ئیختیار بکات لە نێوان کچ و کوڕاندا بۆ ئەوەی کامیان بنێرێت بۆ قوتابخانە، ئەوا کوڕان هەڵدەبژێرن. بە دڵنیاییەوە لە هەرێمی کوردستان لە کوردستان، کێشەی پێشێلکاری پەیوەست بە رەگەزی هەیە و پێموایە زۆر گرنگە کە ئاستی هۆشیاری بەرز بکرێتەوە لەبارەی مافی کچانەوە و گۆڕینی رەفتارەکان لەبارەی کوڕان و کچانەوە.

*** كێشەی كچان لە وڵاتانی تازەگەشەكردوودا بە پەروەردە دەست پێدەكات، زۆرێك لە كچان لەو وڵاتانە لە قوتابخانە دەردەهێنرێن، و پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی ١٨ ساڵ بە شوو دەدەرێن. بە تێڕوانینی ئێوە، تا چ رادەیەك هاوسەرگیری پێش ١٨ ساڵ زیانبەخشە بۆ نەوەكانی داهاتوو و بۆ تەندروستی ئافرەتان؟**

- بە دڵنیاییەوە کێشەکە رێگایەکی دوورودرێژی بڕیوە. ئەگەر دە ساڵی رابردوو وەربگرین ئەوا بەپێی ئامارەکان هەست دەکەین لە کوردستانی عێراق رێگایەکی گەورەی لەم بوارە بڕیوە، بارودۆخەکەی بەرەوپێشبردووە بۆ هەردوو لایەنەکە، ئەویش بەهۆی بارودۆخی ئاسایش و بارودۆخی ئابووریەوە. و ئەگەری وەبەرهێنان لە پەروەردە و وەبەرهێنان لە سەرچاوە مرۆییەکاندا دێتەئاراوە. لەبەر ئەوە لەلایەك من تێڕوانینێکی ئیجابیم هەیە و دڵخۆشم بە بەرەوپێشچوونی کوردستانی عێراق. بەڵام بە داخەوە دەبینین لە هەمان کاتدا دواکەوتوویی هەیە، کە ئەمەش جۆرێکە لە پێکدادان لە نێوان کرانەوە بە رووی میدیای نوێ و تەکنەلۆجیای نوێ و گۆڕانی نوێ و ئەو کەسانەی دڵتەنگن بە گۆڕانکاریەکان و دەیانەوێت پارێزگاری لە نەریتە کۆنەکان بکەن و لەم رووەوە ئافرەتان دەبنە قوربانی، ئەگەر لە پرسی خۆکوشتنی ئافرەتان بڕوانین، ئەوا دەبینین کێشەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و کێشەی پەیوەست بە شەرەف و عەیبەوە کێشەی سەرەکین.

*** هەندێ لە توێژینەوەكان ئاماژەیان بەوەكردووە كە لە وڵاتانی تازەگەشەكردوودا بایەخدان بە تەندروستی كوڕان زیاترە**

**لە بایەخدان بە تەندروستی کچان، کە ئەمەش لە جیاوازی رەگەزیەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە خێزاندا پیادە دەکرێت. چۆن ئەکرێت ئاستی هۆشیاری بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی جیاوازی جێندەری لە ناو خێزانەکانەوە رێگەی لێبگیرێت؟**

- ئەوە زۆر راستە، من هاوڕام، چونکە ناکرێت ئەم پرسانە لە سەرەوەڕا بسەپێنرێت، چونکە ئەگەر حکومەت ئەم مەسەلانە لە سەرەوەڕا بسەپێنرێن، ئەوا خەڵکی رەتی دەکەنەوە و رەنگە کاردانەوەی گەورەتری لێبکەوێتەوە. کەواتە ئەمە پرۆسەیەکی دوورودرێژە و دەکرێت لە رووی راگەیاندنەوە، وەك ئەوەی ئێوە ئێستا دەیکەن، هەروەها لەڕێی رادیۆ و تەلەفزیۆنەوە ئەم کارە بکرێت. پێم وایە لە هەرێمی کوردستانی ئێوەدا، رێکخراوی ناحکومی هەن کە رۆڵێکی گرنگ دەبینن. کەواتە پێموایە تاکە رێگە بریتییە لە پەروەردەیەکی درێژخایەن و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری بە دەرکردنی یاسا و رێسا ناکرێت. بەدڵنیاییەوە گرنگە ئیرادەیەکی سیاسی هەبێت، گرنگە حکومەت یاسای دروست دەربکات و سەقامگیری بێنێتەئاراوە. بەڵام گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کەلتوری کاتێکی زۆر دەخایەنێت. دەبێت لەسەر ئاستی قوتابخانەکان کاربکەیت، هەروەها دەبێت لەسەر ئاستی سەرکردە ئایینیەکان کاربکات، هەروەها دەبێت کار لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنیدا بکەیت.

*** ئەگەر کچان پەروەردە بکرێن، ئەوا لە ئاییندەدا ئافرەتان ئامادە دەکرێن لە کۆمەڵگەدا. بە تێڕوانینی ئێوە، گرنگی بەشداری کردنی ئافرەتان چییە لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسیدا؟ ئایا پێتوایە ئەمە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی پرۆسەی بەرەوپێشچوون سەرکەوتوو بێت؟**

- باوەڕم وانیە تەنیا بوونی ئافرەت ببێتەهۆی ئەوەی دیموکراسی یان بەرەوپێشچون بێتەدی. ئاشکرایە دەبێت پرۆسەکە شەفاف بێت و نابێت گەندەڵی هەبێت. ئێمە دەزانین هەندێ لە رژێمەکانی ناوچەکە کۆتای ئافرەتانیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی وای بخەنەڕوو کە دیموکراتین یان لیبراڵین، لەبەر ئەوە من نیگەرانم لە بەکارهێنانی ژمارە. و مەسەلەکە ژمارە نییە و پەیوەندی بەوەوە هەیە کە بە شێوەیەکی گونجاو پیاوان و ئافرەتان بەشداریان پێبکرێت لە پرۆسەی بڕیارداندا، کە دەبێت پرۆسەکە شەفاف بێت. پێم وایە ئەوەی بە زۆری روودەدات ئەو ئافرەتانەی کە خەلفیەتێکی خێزانی دەوڵەمەندیان هەیە، یان بەخۆی پەیوەندیەکانیانەوە یان باوکیانەوە توانیویانە بگەنە سیاسەت. هەروەها گرنگە ئەو ئافرەتانەی ئەو جۆرە پەیوەندیانەیان نییە ئیختیاری راست و دروستیان هەبێت. پێم وایە لە راستیدا پرسەکە پەیوەستە بە شایستەبوونەوە، ئیتر پەیوەندی بە بەشداری سیاسییەوە هەبێت، یان کاری بازرگانیەوە، واتە هەموو ئەمانە لەڕێی کار و کۆششی سەختەوە بەدەست بهێنرێت نەك بەهۆی پەیوەندیەکانەوە. کەواتە گرنگە بە شێوەیەکی گونجاو ئافرەتان بەشداریان پێبکرێت، نەك تەنیا بەشداری پێکردن بەناو بێت و بەس. ئەمە گرنگە، نەك تەنیا بۆ گەشەپێدان، بەڵکو بۆ دیموکراسیش. مەسەلەکە هەر ئەوەنییە کە پیاوان رێگە لە ئافرەتان دەگرن، بەڵکو خودی ئافرەتانیش خۆیان رێگرن، لەبەر ئەوە دەبێت ئەمە لەڕێی پەروەردە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییەوە بێت و کارێك بکرێت ئافرەتان باوەڕیان بەخۆیان هەبێت، لێرەوە گرنگە لەگەڵ کچاندا دەست پێبکەن، لەبەر ئەوە رەنگە زۆرێك لە ئافرەتان درەنگ بێت بۆیان و زەحمەت بێت بۆیان بگۆڕێن، و بە کچان بڵێین دەتوانن دەستکەوت بەدەست بهێنن و باوەڕیان بەخۆیان هەبێت کە دەتوانن بەدەستی بهێنن.

*** بەشداری ئافرەتان لە سیاسەتدا گرنگیەگی تەواوی هەیە. چۆن ئەتوانرێت زاڵبین بەسەر ئەم بەربەستانەدا؟ بە تایبەتی کە وڵاتانی تازەگەشەکردو بەڕاستی پێویستیان بە هێزی ئافرەتان هەیە لە زۆرێك لە پرۆسەکاندا، بۆ نموونە لە بواری بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و...تاد؟**

- بێگومان ئەکرێت ئافرەتانیش بە هەمان شێوە گەندەڵ بن. بەلای منەوە مەسەلەکە شان بە شانی یەکتر دەڕوات، نابێت ئامانجەکە بە تەنیا بریتی بێت لەوەی ئافرەتان بهێنرێنەپێشەوە. بەڵکو بریتی بێت لە بنیاتنانی سیستمێك کە شەفاف بێت و لەسەر بنەمای پەیوەندی بنیات نەنرابێت، کە خەڵکی بتوانن، ئیتر پیاو بن یان ئافرەت، لە خێزانێکی ناسراوەوە هاتبێتن یان نا، یاخود سەر بە پارتێکی سیاسی بن یان نا، بتوانن بگەنە پۆستێك لەڕێی کار و کۆششی سەختی خۆیانەوە. پێموایە ئەمە سیستمێکی رەوایە، راستە رەنگە پێویست بەوە بکات بایەخێکی تایبەت بە کچان و ئافرەتان بدات- ئەویش بەهۆی بەربەستە کەلتوریەکانەوە کە رێگەی بەشداری کردنیان لێدەگرێت-، بەڵام دەبێت بە شێوەیەکی گشتی عادیلانە بێت بۆ کۆمەڵگە، ئامانجی من گۆڕینی سەرلەبەری سیستمەکەیە، ئەویش نەك لەڕێی شۆڕشەوە، بەڵکو لەڕێی چاکسازیەوە، واتە پتر عادیلانە و یەکسان بێت.

*** لە کۆمەڵگە رۆژئاواییە گەشەکردووەکاندا، ئێمە دەبینین ئافرەتان پتر لە رێکخراوە ناحکومیەکاندان، نەك لە پۆستە سیاسییەکاندا. ئایا پێتوایە ئەمە بە مانای ئەوەبێت، تەنانەت لە وڵاتە تازەگەشەگردووەکاندا، کە بەربەست هەیە لەبەردەم بەشداری ئافرەتان لە سیاسەتدا؟**

- هەمان شتە، مەسەلەکە مەسەلەی رادە و پلەیە. ئێمەش کێشەی هاوشێوەمان هەیە، ئەمە تەنیا کێشەی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان نییە، ئەمە تەنیا کێشەی وڵاتانی رۆژهەڵات و ئەمە تەنیا کێشەی وڵاتە ئیسلامیەکان نییە، لە بەریتانیا هەمان کێشە هەیە لە ئەڵمانیا هەمان کێشە هەیە، کەواتە مەسەلەکە رادە و پلەیە. راستە ئافرەتانێکی زۆر دەبینیت کە ئاستێکی پەروەردەی باشتریان هەیە و ئافرەتانێکی زیاتر دەبینیت بەشداری لە پرۆسەی بڕیارداندا دەکەن، بەڵام ئەگەر پرسیاری ئەوە بکەیت ئایا کام وڵات باشترین بواری بۆ بەشداری ئافرەت رەخساندووە؟ ئەوا رەنگە وڵاتە ئەسکەندەنافیەکان دادپەوەرانەترین سیستمیان هەبێت کە کاریان بۆ ئەوە کردووە ئافرەتان بە شێوەیەکی یەکسان نوێنەرایەتی بکرێن لە سیستمە سیاسیەکە و لە کۆمپانیا گەورەکاندا. بەڵام لە شوێنەکانی دیکەی جیهان هەمان بارودۆخە. من توێژینەوەم لەسەر کێشە و تەحەددیە دیاریکراوەکان کرد کە رووبەڕووی ئافرەتە ئەکادیمیەکان ئافرەتانی باشووری عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق دەبنەوە، ئەوا هێڵی هاوتەریبم بینیوە لەگەڵ ئافرەتە ئەکادیمیەکان لە سیستمی بەریتانیادا، کەواتە ئەمە کێشەکەیە ئافرەتان لە هەموو شوێنێك رووبەڕووی دەبنەوە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی بەراوردکاری قسە بکەین، ئەوا جیاوازی بەدی دەکرێت.

**تاوەکو زیاتر ئافرەتان بواری پەروەردەییان بۆ بڕەخسێت و تاوەکو دەستیان بە سەرچاوەی زیاتردا بگات، ئەوا ئاماژەی گەورەتر لە پەیوەندیدا بە بەرەوپێشچوونی گشتییەوە لە وڵاتەکەدا بەدی دەکرێت**

**ئێمە دەزانین هەندێ لە رژێمەکانی ناوچەکە کۆتای ئافرەتانیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی وای بخەنەڕوو کە دیموکراتین یان لیبراڵین، لەبەر ئەوە من نیگەرانم لە بەکارهێنانی ژمارە**



# فەرمانبەران لە خزمەتگوزاری هاوینەی دایەنگە و باخچەکان بێبەش دەکرێن



**گەرچی لە هەرێمی کوردستان دایەنگە و باخچەی منداڵانی حکوومی بە پارەیەکی رەمزی و کەم، خزمەتگوزاری پەروەردەیی پێشکەشی منداڵانی تا تەمەن شەش ساڵان دەکات، ئەوەش ئاسوودەگییەک بۆ دایکانی فەرمانبەر دەڕەخسێنێ، بەڵام لەگەڵ داخستنی قوتابخانەکان و پشووی هاوینەی مامۆستایان، دەرگای ئەو شوێنانەش دادەخرێ، وەک بڵێی ئەو ناوەندە پەروەردەییانە تەنیا بۆ ئافرەتانی مامۆستا دابین کرابێت، بۆیە ئافرەتانی فەرمانبەر لە دامودەزگەکانی دیکەی حکومەت تووشی ئاریشە و گرفت دەبنەوە، نیگەرانی خۆشیان لەوە دەردەبڕن کە مووچەکەیان بەشی ئەوە ناکات بەئاسانی بتوانن منداڵەکانیان لە دایەنگە و باخچەکانی ئەهلی ناونووس بکەن.**

### پارەی زۆری دایەنگە و باخچەی ساوایانی ئەهلی لەگەڵ مووچەی فەرمانبەر ناگونجێ

سەرلەبەری دنیا بە هەرێمی کوردستانیشەوە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری رێژەیەکی زۆری ئافرەتانی ناچار کردووە، بێنە مەیدانی کار و لە دابینکردنی بژێوی خێزاندا ڕۆڵی کاریگەریان هەبێت. بەڵام ئافرەتانی کارمەند بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان نیازمەندی تایبەتیان هەیە، گرنگترینیشیان ئەوەیە کە لەکاتی دەوام بتوانن منداڵانی خۆیان بە شوێنێکی متمانەپێکراو بسپێرن. لە هەرێمی کوردستانیش دایەنگە و باخچەی منداڵانی حکوومی بە پارەیەکی رەمزی خزمەتگوزاری پەروەردەیی پێشکەشی منداڵاتی تا تەمەن شەش ساڵان دەکات، بەڵام لەگەڵ داخستنی قوتابخانەکان و پشووی هاوینەی مامۆستایان، دەرگای ئەو شوێنانەش دادەخرێ، ئەوەش ئافرەتانی فەرمانبەر لە دامودەزگەکانی دیکەی حکومەت تووشی گرفت دەکاتەوە. ئەوەتا جیهان قادر فەرمانبەر لە وەزارەتی بازرگانی بە نیگەرانییەوە دەڵێت «رێزم بۆ مامۆستایانی ئافرەت هەیەو ئەوان شایانی هەموو شتێکن، بەڵام لەگەڵ داخستنی قوتابخانەکان و پشووی هاوینەی مامۆستایان، دەرگای هەموو دایەنگە و باخچەکانی حکوومی دادەخرێ، وەك بڵێی ئەو ناوەندە پەروەردەییانە تەنیا بۆ ئافرەتانی مامۆستا دابین کرابێت، ئیتر هیچ حیسابێك بۆ دایکانی فەرمانبەر لە بەشەکانی دیکەی حکومەت ناکرێ». ئەو فەرمانبەرە باسی ئەوە دەکات کە خۆی و هاوسەرەکەی فەرمانبەرن و لە کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی هەتا نزیك کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ خەریکی بەڕێکردنی مامەڵەی هاووڵاتیانن، بەڵام بەردەوام نیگەرانی منداڵەکانیەتی. ئەو بە نیگەرانییەوە دەڵێت «من بەشبەحاڵی خۆم هەمیشە دڵم لەلای منداڵەکەمە، چونکە مووچەکەمان کەمەو پارەی باخچەی ساوایانی ئەهلیم پێنادرێت، لەبەر ئەوە ناچار بووم منداڵەکەم لەماڵی خەزوورم دابنێم، بەڵام ئەمە کێشەی چارەسەر نەکردووم چونکە، منداڵەکەی ترم کە لەدووی بنەڕەتییە دەوامیان دوانزەی نیوەڕۆ تەواو دەبێت، لەبەر دەرگای قوتابخانە چاوەڕوان دەکات، لەناچاریدا تەکسیمان بۆ گرتووە، کە بیباتەوە بۆ ماڵی خەزوورم».

### پێویستە حکومەت جگە لە پەروەردە حیسابێك بۆ فەرمانبەرانی بەشەکانی دیکەشی بکات

جیهان قادر رەخنە لەوە دەگرێت کە «حکومەت هیچ جۆرە هاوتاییەك لەنێوان دەوامی فەرمانبەرانی دیکە و مامۆستایان لەبەرچاو ناگرێت، ئافرەتێکی مامۆستا مووچەکەی زۆرترە و دەوامیشی کەمترە، کەچی لەگەڵ پشووی مامۆستایان دایەنگە و باخچەی ساوایانی حکوومی دادەخرێن، بەڵام پێویستە حکومەت جگە لە پەروەردە حیسابێك بۆ فەرمانبەرانی بەشەکانی دیکەشی بکات»، گوتیشی با حکومەت یان دەوامی ئێمەش کەم بکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین باشتر چاودێری منداڵەکانمان بکەین و زیاتر ئاگاداریان بین، یان ئەوەتا دەوامی قوتابخانەکان و باخچەی ساوایان لە هاوینیش بەردەوام بن». داواشی کرد «رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان فشار بخەنە سەر حکومەت بۆ ئەوەی کێشەکەیان چارەسەر بکرێ.

شەیما مەجید فەرمانبەری وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەو ئەویش یەکێکە لەو سەدان دایکەی کە بە هۆی دەوامی ڕۆژانەی کێشە بۆ منداڵانی دروست دەبێت، وەك خۆی وتی ئەو دایکی سێ منداڵە و دووانیان لە باخچەی ساوایانن، بەتایبەتی لەکاتی پشووی هاوینە و داخستنی باخچەکانی حکوومی تایبەت بە ساوایان تووشی کێشە دەبێت و منداڵەکانی ئاوارەی ماڵی خزمانی دەبێت و هێنان و بردنیشیان کێشەی زۆری ماددی بۆ دروست دەکات، چونکە «مووچەکەمان بەشی پارەی باخچە ئەهلییەکان ناکات».

شەیما ڕایوایە «حکومەت و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان هەتا ئێستا

هیچ جۆرە هەوڵێکیان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە نەداوە»، پێشنیاریش دەکات «دایەنگە و باخچەی ساوایانی حکوومی بکرێتە دوو شفت و چوار وەرزە و ئەوەش هەم دەرفەت بۆ هەلی کاری زیاتر دەڕەخسێنێ، هەم ئاسانکارییەکی زۆر بۆ هەموو دایکانی فەرمانبەر دەکات، کە لانیکەم لەکاتی راییکردنی کاری رۆژانەی ناو فەرمانگەکەی، لە پەروەردەی منداڵەکەی دڵنیا بێت و باشتر خزمەتی هاووڵاتییانی بکات».

**پەرلەمانی کوردستان وەك پێویست کاریان لەسەر کێشەکانی ئافرەتانی فەرمانبەر نەکردووە**

ڕێژین ئەبوبەکر فەرمانبەرە لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئەویش هەمان کێشەی هەیە و بە نیگەرانییەوە دەڵێت «ئێمە هەتا نزیك کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆ مامەڵەی هاووڵاتیان بەڕێ دەکەین و زۆرترین خزمەت بە حکومەت و هاووڵاتی دەکەین، هەمیشە خزم و کەس و مێردیش گلەییمان لێدەکەن، چونکە ناتوانین وەکو پێویست ئاگاداری منداڵەکانمان بین. باخچەی ساوایانی حکوومی کاتژمێر یازدەونیو منداڵ بەڕێ دەکەن، باخچەی ساوایانی ئەهلیش نرخیان زۆر گرانە، لەبەر ئەوە داواکارین حکومەت بیرێك لەوە بکاتەوە کە منداڵەکانمان سەرگەردان نەبن.». ڕەخنەی لە ئەدای پەرلەمانی کوردستانیش گرت و وتی «کەمتەرخەمی لەلایەن گشت لایەنە پێوەندیدارەکانەوە هەبووە، بەتایبەتی پەرلەمان کە هەتا ئێستا وەك پێویست کاریان لەسەر کێشەکانی ئافرەتانی فەرمانبەر نەکردووە».



شایان ئەنوەر توێژەری کۆمەڵایەتییەو هێما بۆ ئەوە دەکات کە منداڵانی ئافرەتانی فەرمانبەر تووشی زۆرترین گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی دەبن، لەبەر ئەوەی وەك پێویست دایکەکان ناتوانن چاودێرییان بکەن. وتیشی « منداڵی ئافرەتە فەرمانبەرەکان قوربانی یەکەمی نەبوونی سیستمێکی پەروەردەیی گونجاون، چونکە ئافرەتی فەرمانبەر ناتوانێت بەتەنیا منداڵەکەی پەروەردەبکات، گەر دایەنگەو باخچەی ساوایانیش نەبێت ئەوا داهاتووی منداڵەکەی لە مەترسیدا دەبێت، ئەمەش گەورەترین گرفتە لەبەر ئەوەی کە دایکەکە بەیانی تاکو دوای نیوەڕۆ لەدەوامە و منداڵەکەی لا نییە، کە دێتەوە ئەوەندە ماندووە، ئاگای لەمنداڵەکەی نییە و ناتوانێت پەروەردەی بکات، بۆیە پێویستە پەرلەمان بیرێك لەکێشەی ئەو ئافرەتانە بکاتەوە کە فەرمانبەرن، بەداخەوە هەتا ئێستا نە حکومەت و نە پەرلەمان نە ڕێکخراوەکان هیچیان لەسەر ئەو بابەتە کارێکی بەرچاویان نەکردووە».

ناوبراو جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە گرنگی زیاتر بە دروستکردنی دایەنگە و باخچەی ساوایان لەناو دەزگا حکومییەکاندا بدرێ، هەرچەندە ئەوە چارەسەری کۆتایی نییە، بەڵام تا ڕادەیەك کێشەکە کەم دەکاتەوە».

**ساڵی داهاتوو دەوامی باخچەی ساوایان دوو دەوام دەبێت**

لەلای خۆیەوە بەڕێوەبەری بەشی باخچەکانی ساوایان لەبەرێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر (کەژاڵ جەلال تاهیر)، لە لێدوانێکیدا بۆ گوڵان سەرەتا هێمای بۆ ئەوە کرد کە باخچەی ساوایان لە ڕووی ڕێنمایی یاساوە هاوتای قوتابخانە بنەڕەتییەکانەو هەمان ستافی قوتابخانەی بنەڕەتی لەباخچەی ساوایان کاردەکەن، بۆیە وەك یەکیش پشووی هاوینەیان هەیە. وتیشی «بێگومان ئەوە سیستەمی پەروەردەییە کە لە وڵاتی ئێمە دەوامی قوتابخانە و باخچەکانی ساوایانی بەو شێوەیە دەستنیشان کردووەو گۆڕینی ئەو سیستەمەش ئەرکی پەرلەمانەو تەنیا لەتوانای ئەواندایە کە دەوامی باخچەی ساوایان و قوتابخانە بنەڕەتییەکان دەستکاری بکەن، بەڵام حکومەت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە هانی باخچەی ئەهلی داوە». ئەوەشی خستەڕوو کە بەنیازن لە ساڵی داهاتوو دەوامی باخچەی ساوایان بکەنە دوو دەوام، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێکی کێشەکە چارەسەربکەن. گوتیشی «باخچەکانی ساوایانی ئەهلیش نرخەکانیان بەپێی خزمەتەکانیان لەلایەن لێژنەی تایبەتمەندەوە دەستنیشان دەکرێت، نرخەکەش هەیە ١٠٠ تا ١٢٠ هەزار دینارە».

**لێژنەی پەروەردە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ چارەسەری کێشەکە پڕۆژەیەك ئامادەدەکات**

پەرلەمانتار عەزیمە نەجمەدین ئەندامی لێژنەی پەروەردەو فێرکردنی باڵا لەپەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان گوتی «کێشەی باخچەی ساوایان کێشەیەکی گرنگە لەوڵاتی ئێمە، بەڵام بەر لەهەموو شتێك دەبێت ئەوە روون بکەینەوە کە دوو جۆر باخچەی ساوایانمان هەیە، بەشێکیان حکوومین و بەشێکیان ئەهلین، بێگومان ئەو باخچانەی کە حکوومین کێشەیان زۆرترە، چونکە بەهۆی زۆری ڕێژەی منداڵەوە پاڵەپەستۆیەکی زۆر کەوتۆتە سەریان، بەڵام ئەهلییەکان ڕێژەی منداڵیان کەمترە، هەر ئەمەش وایکردووە کە کێشەیان کەمتر بێت، بێجگە لەوەی کە وەك ئێمە هەستمان پێکردووە، چاودێری دایەنگە و باخچەی ساوایانی ئەهلی لە حکوومییەکان زۆر زیاترە».

ئەو پەرلەمانتارە جەختی لەوەش کردەوە کە «زۆریی کێشەکانی کەرتی پەروەردە وایکردووە پەرلەمان کەمتر بیر لە کێشەکانی باخچەی ساوایان بکاتەوە، گوتیشی «ئێمە وەك لێژنەی پەروەردە پرۆژەیەکمان ئامادەکردووە بەناوی پرۆژەی پەروەردەو خوێندن ئەم پرۆژەیە بەشێوەیەکی گشتگیر کار لەسەر سەرجەم بوارەکانی پەروەردە دەکەین، لەناو پڕۆژەی پەروەردەییشدا جێگەی ئەو خاڵە کراوەتەوە کە باس لە باخچەکان دەکات، بێگومان ئەگەر ئەو پڕۆژەیە دەوڵەمەند بکرێت، ئەوکات دەتوانرێت زیاتر کار بۆ ئەم بابەتە بکرێت، خۆیشم چەندین جار لەدانیشتنەکانی پەرلەمان داوام کردووە کە کار بۆ ئەم بابەتە بکرێت و جۆرە هاوسەنگییەك لەناو دەوامی هەردوولادا دروستبکرێت، چونکە ناکرێت ئافرەتێکی فەرمانبەر دەوامی سەعات سێ تەواو دەبێت، بەڵام منداڵەکەی سەعات دوانزە لە باخچەی ساوایان دەر بکرێ، بۆیە بەجێبەجیکردنی ئەو پڕۆژەیەی کە لێژنەکەی ئێمە ئامادەی کردووە بەشێکی زۆری کێشەکان چارەسەردەبێت». ئەوەشی دووپات کردەوە کە ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و منداڵانیش وەك پێویست کاریان لەسەر ئەو دۆسییە نەکردووە.

پەرلەمانتار عەزیمە نەجمەدین:

**بەجێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیەی کە لیژنەکەی ئێمە ئامادەی کردووە بەشێکی زۆری کێشەکان چارەسەردەبێت**

کەژاڵ جەلال تاهیر:

**سیستمی پەروەردەیی لە وڵاتی ئێمە دەوامی قوتابخانە و باخچەکانی ساوایانی بەو شێوەیە دەستنیشان کردووەو گۆڕینی ئەو سیستمەش ئەرکی پەرلەمانەو تەنیا لەتوانای ئەواندایە دەوامی باخچەی ساوایان و قوتابخانە بنەڕەتییەکان دەستکاری بکەن**

فەرمانبەرێک:

**لەگەڵ داخستنی قوتابخانەکان و پشووی هاوینەی مامۆستایان، دەرگای هەموو دایەنگە و باخچەکانی حکومی دادەخرێ، واتە جگە لە مامۆستایان هیچ حیسابێک بۆ دایکانی فەرمانبەر لە بەشەکانی دیکەی حکومەت ناکرێ**